**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی برگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (17)ی رۆژی 2008/5/13 یدا ئەم یاسایەی دەرچواند:-

## یاسای ژمارە ( 5 )ی ساڵی 2008
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان
## لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( 31 )ی ساڵی 2007

**ماددەی یەکەم:** جێبەجێ کردنی برگەی/2/یەکەم لە ماددەی (پێنجەم)ی یاسای ژمارە(31)ی ساڵی/2007 تاکو 2008/12/31 دوادەخرێ.

**ماددەی دووەم :** دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنەکانی تایبەتمەند حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:** ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنییەوە جێبەجێ دەکرێ ولەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

### هۆکارە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

بۆ ئەوەی ماوەیان پێبدەین لە بەرامبەر هاوردەی جگەرەو جۆرەکانی بۆ جێبەجێ کردنی (برگەی یەکەم)لە مادەی پێنجەم لە یاسای ژمارە(31)ی ساڵی 2007 بۆ تایبەتمەندی پێکەوەنووسان و جێگیرکردنی زانیاری داواکراو بۆ هاوردەکانیان، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە (12)ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا